www.kurdistannet.org
11-10-2006 8:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دەروێش هەنییە حاڵ دەیگرێ! ... پێشمەرگەیەکی دێرینی کوردستان

ئیسماعیل هەنییە، کە سەرەک وەزیرانی ئێستای فەلەستینە و لەلایەکەوە بزووتنەوە تیرۆریستییەکەی (حەماس) بۆتە بەربەستی سەرەکی بۆ گەیشتنی گەلی فەلەستین بە کەناری ئاشتی و سەرفرازی ودیموکراتی، لەلایەکی تریشەوە دەسەلاتەکەی، ناوەندی نەگبەتی ونەهامەتیی بوو کە بۆ فەلەستینیەکان و حزبە رەسەنە پێشکەوتووخوازو ئاشتیخوازو دیموکراتیەکانی گەلی فەلەستین قووت بۆوە. واقیعی حاڵی شەقامی فەلەستینی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ.

ئەم زاتە کینەییە شۆڤینیە، لە رۆژی 6-10-2006، بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ، لە بەردەم ئاپۆرەیەکی جەماوەریی، لەشاری غەززە، حاڵ گرتی و جورئەتی ئەوەی کرد کە پیرۆزترین هێمای خۆراگری و کوردایەتی کە (پێشمەرگە) یە و هێزێکی پۆڵایینی هەڵقوڵاوی ناو ریزەکانی گەلی کوردە، بە (چەتە وگروپ وعەسابە) ناوزەد بکات.

ئەم وەسفکردنەش بەمانای سووکایەتی وئیهانەکردن بەسەروەرییەکانی نەتەوەیەک دێتەوە، کە نەتەوەی کوردە وهەموو سەرکردەکانی ئێستاو رابووردووی گەلی کوردیش دەگرێتەوە، کەبەدرێژایی زیاتر لە 40 ساڵ پێشمەرگە بوونە و دیفاعیان لە خاك وسنوورو نەتەوەو ناموسی خەڵکی کوردستان وعیراق کردووەو لەدژی سیاسەتە شۆڤینیەکانی حکومەتە رەگەزپەرست ودکتاتۆرە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق جەنگیون کە دوایەمینیان سەددامی دکتاتۆر بوو. بۆ بەدیهێنانی کوردستانێکی ئازادو عیراقێکی سەرفرازو دیموکرات وفرەیی.

من وەک پێشمەرگەیەکی دێرینی کوردستان، دەمەوێ بە تۆی رِقن ودڵرەش، بڵێم: دەستنووێژیش بشۆی، تۆ بۆت نیە ناوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێنی، چونکە تۆ هەمیشە شەیتان لەبەدەنتا بەرقەرارە.

گەلی کورد بەکردار سەلماندویەتی، کە هەمیشە پیشتوانی مافی چارەی خۆنووسین بووە بۆ گەلی فەلەستین و بۆ ئەمەش مێژوو شاهێدە:

* کە چەندین ئەفسەری کورد لە سوپای عیراق، بۆبەرگری لە فەلەستینییەکان لە ساڵی 1972دا، جەنگیون وتیایاندا بریندار‌بوون ولە ناوچوون. رەنگە ئێستاش، هەندێکیان مابن و شایەدی حاڵ بن.
* شەهیدی نەمر (مامە ریشە)، کە هێمای ئازایی ولەخۆبووردوویی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، بەشداری لە جەنگی بەرگری لە فەلەستیننیەکان کردووەو تیاشیا، بریندار بووەو لەبەرامبەر ئازایەتیەکەیدا خەڵاتیش کراوە.
* لەبەرئەوەی گەلی کورد، گەلێکی ژێردەستەیە، هەمیشە پیشتوانی گەلانی ژێردەستەی وەک خۆی بووە، یەکێکیش لەو گەلانە، گەلی فەلەستین بووە.

ئەمە وجگە لە کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستانیش، کە بەهەمان شێوە، کەم تازۆر هەڵوێستی کوردانەی خۆیان بۆ پیشتیوانی لە کێشەی فەلەستین نواندوە.

من نالێم بە قسەکانی خۆتدا بچۆرەوە کەلەمیانەی ئەو ووتارەجەماوەرییەتدا، لەشاری غەززە، وەک ئیسماعیل هەنیە، قیراندت وسوکایەتیت بە نەتەوەیەك کرد، چونکە رەووشتی سیاسیتان، ئێستاش هەروەک دەروێشێکە دەف وتەپڵ بۆ رێبازی شوومی قاعیدە لێدەداو حاڵی دەروێشانەش دەیگرێ، کە

بۆباری ئێستای سەددام حوسێن ودارودەستەکەی لە سەروسنگی خۆی دەدات وبۆ رێبازەشۆڤینیە گۆربەگۆرەکەشی وێڵ وسەرگەردانە.

لەکۆتاییدا دەڵێم:

ئیدانەکردن و ریسواکردن ومەحکوم کردنی ئەم ووتارەجەماوەرییەی هەنییەی سەرۆک وەزیرانی فەلەستین سەبارەت بەسووکایەتیکردن بە پێشمەرگەی کوردستان، ئەرکێکی نیشتمانی هەموو رێکخراوو دەزگا حکومییەکان وناحکومییەکانی کوردستان وعیراقە.

2006 -6-8